# ئازادی لە بەرانبەر دەسەڵاتدا

نووسەر: نوربێرتۆ بۆبیۆ
و. لە فارسییەوە: عەتا جەماڵی

مەبەست لە بەکارهێنانی میکانیزمە یاساییەکان، کە بە فاکتەری دەوڵەتی مافەکی دەژمێردرێت لەڕاستیدا پشتیوانی کردنە لەتاك لەبەرانبەر کەڵکاوەژۆ لەدەسەڵاتدا، بەگوتەیەکی تر ئەم میکانیزمانە لە حوکمی گەرەنتیکردنی ئازادییەکاندان، واتایەك لە ئازادی کە ناسراوە بە ئازادی نەرێنیNegative Liberty قەڵەمڕەوێکە لەکرداری تاکی کە لەوێدا دەسەڵاتداران مافی ئەوەیان نیە کە ریگە لە کاری دڵخوازی تاك بگرن یان ناچاری بکەن ئەنجامی کارێك کە پێی خۆش نییە. بەپێی روانگەی زاڵ لەسونەتی لیبراڵدا، " ئازادی" و" دەسەڵات" دوو چەمکی دژبەرن لە دوو بەستێنی دژبەردا و بەو پێیەش لەگەڵ یەکتر دژوازن. لەم روانگەیەوە لە پێوەندییەکانی نێوان دوو تاکدا، زیادبوونی دەسەڵاتی یەکێکیان (دەسەلاتی ئەرێکردن یان رێ پێگرتن) بەواتای کەمکردنەوەی ئازادیی(ئازادی نیگەتیڤ)ی ئەویترەو بەپێچەوانەوە بەو ڕادەیەی یەکێك ئازادی خۆی زیاتر پەرە بە ئازادیی خۆی بدات دەسەڵاتی ئەویتر کەم دەبێتەوە. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە لە ئەندیشەی لیبراڵدا تەنیا میکانیزمە یاساییەکانی دەوڵەتی مافەکی مسۆگەرکاری ئازادی تاك نیە بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەشدا تەنیا ئەو کارانە بەدەوڵەت دەسپێرن کە پەیوەندی بەپاراستنی چوارچێوەی گشتی لەپانتای نەتەوەیی یان نێونەتەوەییدایە.

لەئەندێشەی لیبراڵدا تیۆریی زەروورەتی کۆنترۆڵی دەسەڵات و هەروەها تیۆریی سنوردارکردنی رۆڵی دەوڵەت (هاوسەنگی paripassu)ی یەکترن و رەنگە تەنانەت کەسانێکش بانگی ئەوە هەڵبدەن کە تیۆریی دووهەم وەك (مەرجی پێویست sine qua non) بۆ تیوری یەکەم دێتە ئەژمار، بەم مانایە کە هەرچەندە قەڵەمرەوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بچووکتر بێت زۆر هاسانتریش دەتوانرێت کەلکاوەژۆ لە دەسەڵات کۆنترۆڵ بکرێت. بەکورتی ئەوەیکە دەوڵەتی کەمینە هاسانتر لە دەوڵەتی زۆرینە کونترۆڵدەکرێت. لەروانگەی تاکەوە کە لیبرالیزمیش ئەوی کردۆتە بناغە، دەوڵەت بەڵایەکی پێویستە. بەم شێوەیە هەرچەندەکە دەوڵەت خۆی بەڵایە (جیاوەکەری هاوبەشی لیبرالیم و ئانارشیزم) بەڵام بەڵایەکی زەروورییە

(خاڵی جیاوازیی لیبرالیم و ئانارشیزم ) هەرلەم رووەوەشەوە پێویستە دەستتێوەردانی دەوڵەت لەقەمرەوی کرداری تاکی بۆکەمترین رادەکەم بکرێتەوە. تامس پین (١٨٠٩-١٧٣٧) لەسەردەمی شۆرشی ئەمریکادا هاوکات لەگەڵ پشتگیری لە مافی مرۆڤ ئەم روانگەیەی زۆر بەروونی بەمشێوەیە دەربڕی :

*"کۆمەڵگا بە نیازەکانمان و حکومەتیش بە بەدکاریەکانمان پێکدێت. کۆمەڵگا و حکومەت هەردووکیان بەرەو بەختەوەریمان دەبەن. کۆمەڵگا بە شێوەیەکی سازندە، بەهاوسان کردنی دلبەستەییەکانمان و حکوومەت بە شێوەیەکی بەرگرانە لەبەدکارییەکانمان کۆمەڵگە بەرەو نزیکبوونەوە هانمان دەدا بەڵام حکوومەت جیاوازی و جودایی بەدی دێنێت. کۆمەڵگا پشتیوانمانە بەڵام حکوومەت سزادەرمانە. کۆمەڵگا بەرهەرشێوەیەك بێ خەلات و بەرەکەتە، بەڵام حکوومەت تەنانەت لەباشترین حاڵەتدا جگە لە بەڵایەکی زەرووری هیچ نیە و لە خراپترین حاڵەتیشدا بەڵایەکە کە دەرەقەتهاتنی قورسە."*[١]

کەواتە ئەگەر ئازادی بەپێی پێناسەی زاڵ لە تیۆری لیبراڵدا واتا ئازادی لە دەوڵەت رەچاوبکەین سەرهەڵدانی دەوڵەتی لیبراڵ دەتوانرێت لەگەڵ پرۆسەیەك بە هاوکات بێنە هەژمار کە بەلێکدانەوەی پین هەمان بەرفرەتر بوونی پلە بە پلەی قەڵەمرەوێکە کە تاك لەوێدا پارێزراوە لەدەست تێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەتی یان بەلێکدانەوەی هیگڵی و مارکسیستی پرۆسەیەکە لەوێدا کۆمەڵگا یان کۆمەڵگای مەدەنی وردەوردە لەدەسەڵاتی دەوڵەت ئازاد دەبێت. دوو قەڵەمڕەوی سەرەکی ئەم ئازادییە بەم شێوەیەن:

یەکیان ئازادی لە پرسە ئایینی و رۆحییەکان و ئەویتر ئازادی لە ژیانی ئابووری و مادیدا، ڤیبێر لە تێزە بەناوبانگەکەیدا سەبارەت بەپێوەندیی نێوان ئەخلاقی پرۆتستانی و رۆحی سەرمایەداریدا دەریخست کەئەم دوو پرۆسەیە پەیوەندییەکی چڕوپڕیان لەگەڵ یەکدیدا هەبووە. لەهەرحاڵدا، ئەوە راستییە کە سەرهەڵدانی دەوڵەتە لیبراڵەکان لەگەڵ دوو دیاردەی تردا هاوکات بووە: یەکیان مەرگی دەوڵەتانی پێکهاتوو لەسەربنەمای پشکنینی باوەرەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەتە بێلایەنەکان سەبارەت بە باوەرە ئایینییەکانی شارۆمەندان، و ئەویتر لەناوچوونی جیاوک و یاساو رێساکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی خواستی ئازادیی هەموان بۆ دەستراگەیشتن بەسامان و ئازادیی کرین و

---

[١] . Tpain,common sense(١٧٧٦), penguin, Harmondsworth ١٩٧٦,p.٦٥.

فرۆش( دان و ستان) کە نیشانەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کۆمەڵگای سەوداگەری بورژوایی بوو.

لەم روانگەیەوە، دەبێ دەوڵەتی لیبراڵ لە هەر چەشنە باوکسالارییەك جیابکرێتەوە. لەروانگەی باوك سالارانەوە ئەرکی دەوڵەت هەمان سەرپەرشتیی بندەستەکانیەتی وەك سەرپەرشتی باوك لە منداڵەکانی، جۆرێك لە نیگەرانی لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا کە بۆ مەبەستی پاساودانەوەی خۆی، بناغەی خۆی لەسەر هەتیوبوونی(پێویست بوون بە سەرپەرشت) هەمیشەیی ئەوان دارشتووە. یەکێك لە ئامانجەکانی لۆك لە *دوو تێزدا*سەبارەت بە حکوومەتی مەدەنی نیشاندانی ئەم خاڵە بوو کە دەسەڵاتی مەدەنی –واتا دەسەڵاتێك کە مەبەست لە بەدیهاتنی، ئازادی و خاوەنداریتیی ئەو تاکانەیە کە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێك لەدەوری یەک کۆبوونەتەوە- لەگەڵ حکومەتی باوکسالار و بەشێوەی سەروەرانە جیاوازە لەگەڵ بەندەنەوازیدا. بەم شێوەیە کانت (١٨٠٩ – ١٧٢٤) لە رەتکردنەوەی باوکسالاریدا بەروونی و بەتوندییەکی زۆرەوە نووسی:

***"حکوومەتی باوکسالار واتە حکوومەتێك کە وەك فەرمانرەوایی باوك بەسەر منداڵەکانیدا لەسەر بنەمای خێرخوازی بەنسبەت خەڵکەوە وەستاوە، لەگەڵ خەڵك وەك ئەو ناپێگەیشتووانە رەفتار دەکەن کە ناتوانن چاکەو خراپەی خۆیان لێك جیابکەنەوە. لەم حکوومەتەدا خەڵك ناچار دەکەن بە دەست و پێ سپیلکەیی بمێننەوە و چاویان لە حکوومەت بێت، رێگەی بەختەوەرییان پێنیشان بدەن و هەروەها هیچ چاوەروانییەکیشیان لە حکوومەت نەبێت جگە لەوەی حکوومەت خۆی پێیان دەبەخشێت. ئاوا حکومەتێك خراپترین جۆری سەروەرۆییە کە دەشێت وێنابکرێ."***[١]

کەڵکەڵەی کانت بەر لە هەرشتێك ئازادی ئەخلاقی تاکە. لە بواری ئازادیی ئابووری و بەرژەوەندیی تاکەکەسیشدا نیگەرانیتیەکانی ***ئادام ئیسمیت*** روون و بەجەستەیە. بەپێی "سیستەمی ئازادیی سروشتی" حکومەتەکان تەنیا سێ ئەرکی گرنگیان لەسەر شانە: یەکەم بەرگری لە کۆمەڵگە لەبەرانبەر دوژمنە دەرەکییەکان، دووهەم پارێزگاری لەمافی گشت تاکەکان لەبەرانبەر دەستتێوەردانەکانی دیتراندا و سێهەم وەئەستۆگرتنی هەندێ لەکارە کۆمەڵایەتیەکان کە بەرژەوەندیی تاکیی تاکەکان هانیان نادات ئەنجامیان بدەن. کانت و ئیسمیت خوێندنەوەکانی خۆیان لەدوو شوێنی جیاوازەوە دەست پێدەکەن، بەڵام ئەوەیکە ئەوان دەگەیەنێتە پێویستیی سنووردار بوونی رۆڵی دەوڵەت گریمانەیەکی هاوبەشە: سەرێتی

---

١. I. kant, uber den Gemeinspruch: Das Mag inder Theorie richtig Sein,taugt aber nicht fur die praxis(١٧٩٣)

ئازادیی تاکە بەسەر دەسەڵاتی حکوومەتدا و پەیڕەوی کردنی ئەرکەکانی حکومەت لە ماف یان بەرژەوەندییەکانی تاك.

ویلهولم فۆن هۆن هۆمبۆڵت (١٨٣٥- ١٧٦٧) لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، سەدەی جاڕنامەکانی ماف، سەدەی کانت و ئسمیت، لە تێزی سنوورەکانی کارکردنی دەوڵەت (١٧٩٢)دا، کۆبەندییەکی زۆر روونی لە دەوڵەتی ئایدیالیی لیبرالیزم بەدەستەوەدا. دەتوانرێت بەئاشکرایی لە رووی سەردێری تێزەکە و هەروەها لە رووی ئەو قسانەی کە لە میرابۆی پیرەوە وەرگیراوە لە بەشی یەکەمی تێزەکەدا مەبەستی نووسەر دەربخرێت.

پرسی دژوار هەمان داڕشتنی یاسا پێویستەکانە و پابەندیی هەمیشەیی پڕەنسیپە یاساییە باوەڕپێکراوەکانە لە کۆمەڵگادایە. ئەمەش پێویستی بە حکوومەتێکە کە لە کاری فەرمانڕەواییدا تووڕەی خۆی بخواتەوە، چما ئەم تووڕەییە کوشندەترین نەخۆشیەکە کە حکوومەتە مۆدێرنەکان پێوەی گرفتارن.

هۆمبولت سەرسەختانە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە پێویستە تاك بەهەمووی تایبەتمەندی و چەند لایەنییە وەسف هەڵنەگرەکەیەوە، سەرستارتی ئێمە بێت. ئەو جەخت دەکاتەوە کە ئامانجی راستەقینەی مرۆڤ پەروەردەکردنی تەواو و پڕباشی تواناییەکانی خۆیەتی و ئەگەر دەخوازین کە دەستمان بە ئاوا ئامانجێك رابگات، دەوڵەتی ئایدیالیی ئێمەش پێویستە لەسەر ئەم بنەمایانەی ژێرەوە ئاراستە بکرێت.

*" ئاوەز جگە لەمە هیچ دۆخێك بۆ مرۆڤ ناخوازێ کە لەوێدا تاك، لە تاکێتی تەواوی خۆی دا، خاوەنی ئازادییەکی رەها بێت بو خۆپەروەردەکردن، دۆخێك کە لەوێدا سروشتیش وەك خۆی دەست لێنەدراو بمێنێتەوە و کاریگەری لەوکارانەی کە خودی تاك بەپێی ئیرادەی ئازادو گونجاو لەگەڵ ئاستی نیاز و رەمەکەکانی ئەنجامیان دەدات، وەربگرێت، دۆخێك کە تاك تەنیا بە رادەی دەسەڵات و مافەکانی سنوور دەخرێتە سەری."*[1]

*"هۆمبۆڵت لەم گریمانەیەوە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە پێویستە هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی دەوڵەت لەکارە تایبەتییەکان، واتە ئەو کارانەی کە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ دەستدرێژی کردنە سەر مافە تاکییەکانی خەڵکدانییە، یەکسەرە رەتبکرێتەوە."*[2] هۆمبۆڵت روانگەی سوننەتی و لەسەر بنەمای رەسەنایەتی تاك سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان تاك و دەوڵەت ئاوەژوو دەکاتەوە. ئەم ئاوەژووییە لەگەڵ ئاوەژوو کردنەوەی

[1] . W.Von Humboldt, The Limits of state Action (١٧٩٢), Combrige Univer sity press, Cambridge ١٩٦٩,pp.٢٠-٢١.
[2] . Ibid., p.٢٢.

پەیوەندییەکی تردا، کە راستەوخۆ پێوەی بەستراوەتەوە واتە پەیوەندیی نێوان ئامانج و ئامرازدا یەکتر دەخوێننەوە و بەهۆی ئەوەوە بەهێز دەکرێت. بەگوتەی ئەو دەوڵەت وەك خۆی ئامانج نییە بەڵکوو تەنیا کەرەستەیەکە *"بۆ بەرزکردنەوەی کلتووری شارۆمەندەکان، تا رادەیەك کە ئەوان بتوانن بۆ بەشداریکردن لەپرۆژەکانی دەوڵەتدا پاڵنەرێك بەدەست بێنن و لەوجیاوکانەی کە دامەزراوە سیاسییەکان دەیانخەنە خزمەت دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە ئاگادارین."*[١]

ئامانجی دەوڵەت، ئەگەر ئامانجێکی هەبێت،" ئاسایش"ە. ***هۆمبۆڵت*** *لەتێزەکەی خۆیدا چەندین جار دەڵێ کە ئامانجی دەوڵەت لەیەك وشەدا" ئاسایش" واتە " مسۆگەرکردنی ئازادییە یاساییەکانە".*[٢]

---

١. Ibid., p.b٥.
٢. Ibid., p.٨٣.